# هیچ دڵدارییەک بەقەد ئەوینی خاک ڕۆمانسی نییە

مرۆڤی ئازادی خواز پێویستە دوژمنەکەی بناسێت، تا باشتر ڕەفتاری شۆڕشگێڕانەی خۆی لەگەڵ هەلومەرجە تایبەتییەکانی قۆناغەکانی گۆڕانی سیاسی لەسەر ئاستی ناوچەو لەسەر جیهان بکات. ئەو نەتەوەیەی دوژمنەکەی باش نەناسێت کاروانی خەباتی درێژەدەکێشێت، دیارە کوردستان کۆلۆنیالیزمێکی نێونەتەوەییە ئازادبوونیشی لەژێر سایەی بەزەیی ئەواندایە، گەورەترین کێشەی خاکی کوردستان چوار دوژمنەکەیەتی ئێمە لەبری یەک داگیرکەر چوارمان هەیە و پلارە نامرۆییانەکانی وڵاتانی دونیاش بە بەردەوامی پشت و پەنای ئەم داگیرکەرانەبوون. هەربۆشە کولێرەی ئازادبوونی خاکی کوردستان دەکرێت هەر بە پاروو و چکەچکە بخورێت، دیارە ناکۆکی نێونەتەوەیی و جیاوازی زمان و داب و نەریت و ئاین و خورەوشت و جیاوازی بیروبۆچوونی فەرهەنگی و یاسا و ڕێسای کۆمەڵایەتی و قەلاچۆکردن و کوشتنی بە کۆمەڵ و داپڵۆسین و جینۆسایدکردنی نەتەوەیەک هۆکارن بۆ دروستکردنی هۆشیاری نەتەوەیی. دیارە ئەم هۆشیارییەش دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە و بیروباوەڕ و تێگەیشتنە، نەتەوەی زیندوو پێویستە خاوەن پەیام بێت هۆشیاری نەتەوایەتی هیوا و ئاواتی گۆڕانی کۆمەڵە بەرەوگەیشتن بە دوارۆژێکی لەبارتر بۆ ژیان، هەستکردنە بە هۆیەکانی دواکەوتن و ملکەچیکردن وە پاشان دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو بۆ دەردەکوشندەکانی چەوسانەوە و دواکەوتن و قەلاچۆکردن. هەموو گەلێک خاوەنی فەلسەفەی ژیانی خۆیەتی و بەو فەلسەفەیەش دەکرێت هەموو خانە و ئەندامەکانی لەشی کۆمەڵ بەکار بخرێت بۆ وەرگرتن و پەیڕەوکردنی ئەو ئەرکەنەتەوایەتی و کۆمەڵایەتییانە. لەناو گەلێکی ژێردەستەدا ناکرێت کاری سۆز و بەزەیی تێکەڵ بە ڕەوتی خەبات بکرێت، بەکارهێنانی سۆز دەبێتە مایەی ئیفلیجکردنی هەنگاوەکانی ئازادی، دەکرێت هەموو بوارەکانی سۆز و میهر هەڵبگیرێت بۆ دوای قۆناغەکانی ڕزگاربوون. من پێموانییە لەناو گەلی کوردا بیرۆکەی فاشیزمی و ڕەگەزپەرستی هەبێت، ئێمە دوژمنانمان فێری دڵڕەقییانکردووین هەتا ئەوانیش دوژمنمان بن ئێمەش ناتوانین هەنگاوەکانی میهر بەرێبخەین. نەتەوەیەکی وەکوو تورک لە هاتنیانەوە بۆ ناوچەکانی ئێستایان بە قاتوقڕی و قەلاچۆکردن هاتوون. تورکەکان مەغۆل بوون لە ساڵی 1258 ز دا لەژێر دەستەڵاتی هۆلاکۆدا بغدادیان گرتووە و دەوڵەتی ئیسلامییان شکاندووە، دیارە لەم مێژووەدا فارسەکان خاوەنی مەزهەبی شیعەیی خۆیان بوون، هۆکاری ئەم شەڕە وایکرد کە ژمارەیەکی زۆری تورکەکان بکەونە ئاسیای بچووکەوە وەک " ئاق قوینلی" لە ساڵی 1378 ز هەتا 1520. پاشان "قەرەقوینلی" لەساڵی 1404 ز دا هەتا 1447 ز ڕژانە کوردستانەوە و وڵاتەکەیان داگیرکرد. تورکەکان توانییان لە29 .05.1403. ز دا "قوستەنتینە" ئەستەنبوڵی ئێستا داگیربکەن و کۆتایی بە دەستەڵاتی بیزەنتینیەکان بهێنن و دەوڵەتی عوسمانلی دروستبکەن. تورکەکان لەسەرەتای دروستکردنی دەوڵەتەکەیانەوە مەزهەبی سوننییان لە ئاینی ئیسلامدا بۆ خۆیان هەڵبژارد. دوابەدوای تورکەکان فارسەکانیش لە ساڵی 1502 هەتا 1524 ز دەوڵەتی سەر بە مەزهەبی

